# جۆرەکانی زمان لە مانگی ڕەمەزان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

هاوار عبد الله

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ أنواع اللسان في شهر رمضان ﴾

« باللغة الكردية »

هاوار عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# جۆرەکانی زمان لە مانگی ڕەمەزان

[زمانێك لە خزمەتی پەروەردگار و زمانێك لە خزمەتی شەیتان]

الحمد لله وحده، و الصلاة والسلام على من لا نبي بعده، و بعد:

موسڵمانانی یەك خوا پەرست، گەر ڕۆژوو گرتن تەنها خۆگرتنەوە بوایە لە خواردن و خواردنەوە ئەوا لە ڕۆژوو گرتن ئاسان تر نەدەبوو، بەڵام ئەم هەڵە تێگەیشتنەی زۆرێکمان وای کردوە لەگەڵ تەواو بوونی ڕەمەزان زۆرێکمان تەنها برسێتی و تینوێتیەکەمان بۆ ئەمێنێتەوە لەگەڵ تاوانێکی زۆر، هۆکاری سەرەکی ئەم ئەنجامەش پارچە گۆشتێکی بچوکە کە ڕەنگەی بەشی تێربوونی پشیلەیەکی برسی نەکات کەچی بەهۆیەوە مرۆڤێکی چوارشانە ئەچێتە دۆزەخەوە. بە واتایەکی تر یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی خۆشبەختی و کوێرەوەری ژیان مرۆڤ (زمانە). هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە (معاذ بن جبل) ی ووت: لە باری دایکت بچوبایەیت، ئایا هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەر ڕووخساریان فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە مەگەر بەروبومی قسە خراپەکانیان نیە ! وە ئەفەرموێت: زۆرترین شتێك خەڵکی بخاتە دۆزەخەوە زمان و داوێنە. هەروەها ئەفەرموێت: زینای زمان قسە کردنە.

[جۆری یەکەمی زمان]

ئەم جۆرە زمانە کۆمەڵە تاوانێك ئەکات سەرئەنجام خاوەنەکەی بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ ئەکات، لەو تاوانانەش:

١ ـ درۆ کردن: ئەمەش زۆر مەترسیدارە، چونکە خوای پەروەردگار فەرمـــانمـــان پێ ئـــەکات بـــە دور کـــەوتنەوە لـــە درۆ وەك ئـــەفـــەرموێت: {وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ} (الحج: ٣٠)، واتە: هەروەها خۆتان بپارێزن لە قسەی درۆ و ناڕەوا.

پێغەمبەری خوایش صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: باوەڕی هیچ بەندەیەك تەواو نابێت تاکو واز نەهێنێت لە درۆکردن لە کاتی گاڵتە و دەمەقاڵە و موجادەلەدا، ئەگەر ڕاستیش بکات.

هەروەها ئەفەرموێت: بەردەوام بن لەسەر ڕاستگۆیی و دور بگرن لە درۆ، چونکە درۆکردن ڕێخۆشکارە بۆ خراپەکاری و خراپەکاریش ئاکامی دۆزەخە.

لە هەمویشی ترسناك تر پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: ئەگەر ڕۆژووان وازنەهێنێ لە ووتەی درۆ و کردەوەپێ کردنی، خوای گەورە پێویستی بەوە نیە واز لەخواردن و خواردنەوەکەی بێنێت لەبەر خوا.

٢ ـ غەیبەت کردن: زۆرێك لە موسڵمانان خوا هیدایەتیان بدات هەر لەگەڵ هەستانیان بۆ پارشێو لەسەر سفرەی نان خواردن غەیبەتی خەڵك ئەکەن هەتاوەکو بانگی ئێوارە بەربانگ

ئەکەنەوە، خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێت: {وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ} (الحجرات: ١٢)، واتە: غەیبەتی یەکتر مەکەن و بەشوێن کەموکوڕی یەکتردا مەگەڕێنەوە لە پاشملە بە خراپی باسی یەکتر مەکەن، ئایا یەکێ لە ئێوە ئامادەیە گوشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات ؟!! بێ گومان ئەمەتان زۆر پێ ناخۆشە وپێتان ناکرێ، کەواتە خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن.

هەروەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ئایا دەزانن غەیبەت چییە ؟ ووتیان خودا و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم باش دەزانن، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە وەڵامدا فەرمووی: باسکردنی براکەتە بەو شتەی کە پێی ناخۆشە، ئەوانیش وتیان: ئەی ئەگەر ئەوەی کە ئێمە دەیڵێین لەبراکەماندا هەبوو ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیڵێن لەبراکەتاندا هەبوو ئەوە غەیبەتان کردووە.

وە (رجاء) ی کوڕی (أبو سلمة) فەرموی: لە (مجاهد) م پرسی: غەیبەت کردن دەستنوێژ بەتاڵ ئەکاتەوە ؟!!! فەرمووی: بەڵێ هەروەها ڕۆژویش بەتاڵ ئەکاتەوە !!!!!

هەروەها (مجاهد) ئەفەرموێت: ئەوەی پێی خۆشە ڕۆژووەکەی سەلامەت بێت با خۆی لە غەیبەت و درۆ کردن بپارێزێت.

وە لە (عَبیدە السلمانی) فەرمویەتی: خۆتان بپارێزن لەو دوو شتەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکەنەوە غەیبەت و درۆ کردن.

٣ ـ گێڕانەوەی نوکتە: ئەمەش جۆرێکی ترە لە تاوانەکانی زمان، زۆر جاریش بەزمان نایڵێن، بەنامەی مۆبایل بۆ یەکتری ئەنێرن بەڵام هەمان حوکمی زمانی هەیە و زۆر مەترسیدارە، چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (٣) جار لەسەر یەك فەرموویەتی: وەیل بۆ ئەو کەسەی کە قسە بۆ خەڵك دەکات و تێیدا درۆ دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی پێبکەنن، (وەیل: دۆڵێکە لە دۆڵەکانی دۆزەخ).

٤ ـ قسەی پروپوچ و گاڵتەکردن بە خەڵکی: ئەمەش زۆر مەترسیدارە، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ} (سورة الحجرات: ١١).

٥ ـ جوێن دان: ئەمەش بەناوی گاڵتە کردنەوە بوەتە نەریتێکی باوی نێو گەنجان !! تەنانەت لەناو پیرانیشدا هەیە !! و زۆر کارێکی ترسناکە چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێت: جوێندان بە مرۆڤی موسڵمان دەبێتە هۆی فاسق بوونی جوێن دەرەکە.

هەروەها ئەفەرمووێت: یەکێك لە تاوانە گەورەکان ئەوەیە ئادەمیزاد جوێن بە دایك و باوکی خۆی بدات، وترا ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم: ئایا کەس جوین بە دایك و باوکی خۆی دەدات ؟! ئەویش فەرمووی: جوێن دەدات بە باوکی کەسێك، کەسەکەش جوێن دەداتەوە بە باوکی ئەو،

وه جوێن دەدات بە دایکی کەسێك کەسەکەش جوێن دەدات بە دایکی ئەو.

٦ ـ گۆرانی وتن: ئەمەش زۆر باوه لەنێو لاوان، گۆرانی وتنیش یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی زەمان، لەم بارەیەوە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: {وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِى لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ} (لقمان: ٦).

(ابن مسعود) ئەفەرموێت: (واللّٰه الذي لا اله الا غيره هو الغناء)، پێشەوا (القرطبي) ش ئەفەرموێت: ناکۆکی نیە لەسەر حەرامێتی گۆرانی چونکە لەهۆیەکانی ڕابواردن و گاڵتەچێتییە و سەرزەنشت کراوە بەڕێکەوتنی (زانایان)، وە (عبداللّٰه) ی کوڕی (مسعود) ئەفەرموێت: گۆرانی دووڕوویی لەدڵدا دەچێنێت.

٧ ـ بوختان کردن: ئەمەش زۆر مەترسیدارە چونکە هاوەڵان لە پێغەمبەری خوایان پرسی ئەگەر ئەوەی کە ئێمە دەیڵێین لەبراکەماندا هەبوو؟ پێغەمبەر صلى اللّٰه عليه وسلم فەرمووی: ئەوە غەیبەتان کردووە، خۆ ئەگەر وانەبوو ئەوا بوهتانتان کردووە (درۆتان بۆ هەڵبەستوە). ئەوانەش کە بوختان ئەکەن دوچاری چەند سزایەك ئەبن لەوانەش (٨٠) جەڵدەیان لێدەدرێ ـ ئەگەر بوختیانەکە بە داوێن پیسی بێت بۆ ئافرەتان ـ و شایەتیان قبوڵ ناکرێ و فاسقن هەروەها لە دونیا و قیامەتیشدا نەفرەت لێکراون و لە قیامەت سزایەکی سەخت چاوەڕانیانە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا

بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَداً وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ} (النور: ٤).

هەروەها ئەفەرموێت: {إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ} (النور: ٢٣).

٨ ـ قسەگێڕی لەنێوان خەڵکی (نميمە): لەم بارەیەوە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: {وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ} . پێغەمبەری خوایش صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت: خراپترین خەڵك لە بەندەکانی خوای گەورە لەم ئوممەتەدا ئەوانەن کە سەرقاڵی هێنان و بردنی قسە و باسی خەڵکن و دەبنە هۆی لێك جیا کردنەوەی خۆشەویستەکان لەیەکتر.

وە (حذیفە) ش ئەفەرموێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەیفەرموو: قسە گێڕان ناچنە بەهەشتەوە.

(عبدالله) ی کوڕی عەباس رضي الله عنه ئەفەرموێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی پاشان فەرمووی: ئەم دوو مردووە سزا دەدرێن وە... یەکێکیان گوناهەکەی ئەوە بوو قسەگێڕی دەکرد لە نێوان خەڵکدا.

[جۆری دووەمی زمان]

ئەم جۆرە زمانە کۆمەڵە کارێکی خێر ئەنجام ئەدات سەرئەنجام خاوەنەکەی بەرە و بەهەشت ئەبات، لەو کردەوانەش:

١ ـ یادكرنەوەی خوای پەروەردگار (ذكر): خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: {أَلاَ بِذِكْرِ اللهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ} (الرعد: ٢٨).

پێغەمبەری خوایش صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێت: ئایا پێتان ڕاگەیەنم كەوا چ كردەوەیەكتان باشترین و پاكترین كردەوەتانە لای پەروەردگارتان، و لە هەمووشی پلەی بەرزترە، وە لە بەخشینی زێڕ و زیو چاكترە بۆتان، و باشتر بێت بۆتان لەوەی لە كاتی جیهاد و تێكۆشاندا ڕوو بەڕووی دووژمنتان ببنەوە و لە ملیان بدەن و لە ملتان بدەن ؟ فەرموویان: بەڵێ ئەی پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم، فەرمووی: زیكری خوای پەروەردگار.

هەروەها (عبدالله) ی كوری (بسر) رضي الله عنه ئەگێرێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە پیاوێكی وت: با هەموو كاتێك زمانت تەڕ و پاراو بێت بە زیكری خوداوە.

٢ ـ پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار (دعاء): بە تایبەت لە مانگێكی پیرۆزی ڕەمەزان كە پاڕانەوە تیایدا گیرایە وەك پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: سێ پاڕانەوە هەن وەڵام ئەدرێنەوە لەوانەش: پاڕانەوەی ڕۆژووان.

هەروەها فەرموویەتی: خوای پەروەردگار لە هەموو ڕۆژو و شەوێكی مانگی ڕەمەزاندا چەندەها كەس لەئاگر ڕزگار ئەكات، هەروەها بۆ هەموو بەندەیەك پاڕانەوەیەك هەیە تیایدا وەڵام ئەدرێتەوە.

٣ ـ قورئان خوێندن: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت: قورئان بخوێنن، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا تکاکارە بۆ خاوەنەکانی.

هەروەها ئەفەرموێت: هەرکەسێك پیتێك لـە قورئانی پیرۆز بخوێنێت بە هەموو پیتێکی چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، چـاکەی لــە لای خــوای پــەروەردگــار بە دە ئەوەندەی خۆیەتی و چەند جار دەکرێتەوە، نالێم [ الم ] بە پیتێك دەژمێردرێت، بەڵکو [ ألِف ] پیتێکە و [ لاٰم ] پیتێکە، و [ مِیم ] پیتێکە.

هەربۆیە گرنگی و گەورەیی قورئان وای کردبوو کە (سفیان الثوري) وازی لە هەموو شتێك ئەهێناو گرنگی بە قورئان خوێندن ئەدا، (قتادە) لە ڕەمەزان لە سێ ڕۆژدا خەتمەیەکی ئەکرد، ئیمامی (الزهری) کە ڕەمەزانی بەسەردا ئەهات وازی لە هەموو زانستێکی شەرعی ئەهێنا و ڕوی ئەکردە قورئان خوێندن.

لە جۆرەکانی تری قورئان خوێندن: ئەوەیە خەڵکی فێر بکەیت ئەمەش پاداشتێکی زۆری هەیە هەروەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت: هیچ کۆمەڵە کەسێك لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوا کۆ نابنەوە بۆ خوێندنەوەی قورئان و لە نێوان خۆیاندا باسی دەکەن ئیللا ئارامییان بەسەردا دادەبەزێت، و ڕەحمەت دایاندەپۆشێت، وفریشتەکان دەورەیان دەدەن، و خوای گەورەش لای فریشتەکان باسیان دەکات.

هەروەها ئەفەرموێت: باشترین کەستان ئەوانەن فێری قورئان ئەبێ پاشان خەڵکیش فێری قورئان خوێندن ئەکات.

٤ ـ خوێندنەوەی کتێب: بەتایبەت ئەو کتێبانەی پەیوەستن بەڕۆژوو و بە مانگی ڕەمەزان وەکو کتێبی (چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە ڕەمەزاندا).

٥ ـ گەڕانەوە بۆ لای خوا بە ئیستغفارکردن: خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحاً عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ} (التحريم: ٨).

٦ ـ بانگەواز کردن بە زمان: قواستنەوی هەلی ئەم مانگە پیرۆزە بۆ ئامۆژگاری کردنی خەڵك و بانگەشە کردن بۆ ئاینی ئیسلام کە ئەرکی هەموو موسڵمانێکە بە زمانی بانگەشە بکات بۆ ئاینی ئیسلام هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: {وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً} (فصلت: ٣٣)، واتە: کێ وتەی چاکتر و بەجێ ترە لەو کەسە (خەڵك) بۆ لای خوا بانگ ئەکات و کاری چاکە ئەکات.

وە ئەگەر ئەم بانگەشە کردنە لەمانگی ڕەمەزاندا بوو ئەوا خێرەکەی لەمانگەکانی تر زۆرترە چونکە چاکە کردن لە ڕەمەزان چەن جارەیە.

وتەی کۆتایی

موسڵمانان لە خوا بترسن و ئاگاتان لە زمانتان بێت لەو قسانەی ئەیکەن، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت: {مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ} (ق: ١٨)، واتە: هیچ وتەیەك لە دەمی ئادەمیزاد دەرناچێ ئیللا فریشتەیەك چاودێر و گوێ بیستی قسەکەیەتی وتۆماری دەکات.

پێغەمبەری خوایش صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ: ڕەنگە ڕۆژوانی واهەبێ جگە لە برسێتی و تینوێتی هیچی تری بۆ نەمێنێتەوە لە ڕۆژووەکەی.

زانای پایەبەرز (ابن القیم) فەرموویەتی: ((کل صیام لا یصان عن قول الزور والعمل به لا یورث صاحبه إلا مقتاً و رداً)).

وَآخِرُ دَعْوَانا أنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.